پاراستنی خۆی لەزۆرلێکردن یان هەوڵدان بۆ گۆرانی ئەو یاسایانە لەجیهان بۆ رووخانی هەموو کۆتە چەوسێنەرەکان.

دەبێ رۆژنامەنووسی عێراقی وردەکاریی یاسای چاپەمەنیو یاسای سەندیکای رۆژنامەنوسان بزانێت چۆن لەسەریەتی بووە کاری چاپەمەنی پێشتر بزانێت ئەواش لەسەریەتی یاسای سزاکانی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩و راستکردنەوەکانی، کە لەسەر بابەتی تایبەتی بەسزاکانی بڵاوکردنەوە هەندێکیان دەگاتە لەسێدارەدان یان بەندی هەتا هەتایی، کە لەمادەی ٢٢٥ -أ- هاتووە (سزا دەدرێت بەبەندی هەتاهەتایی وە دەست بەسەراگرتنی هەموو ماڵی گوێزرا و نەگوێزراو هەر کەسێ سوکایەتی بکا بەیەکێ لەرێگا ئاشکراکان بەسەرۆکی کۆمار یان هەر کەسێ جێگری ئەوبێ یان ئەنجومەنی سەرۆکایەتی شۆرشی یان پارتی زیندووکردنەوەی عەرەبی سۆسیالیستی یان ئەنجومەنی نیشتمانی یان میری- وەسزای لەسێدارەدان دەبێ گەر سوکایەتیەکەیان هێرشەکە بەشێوەیەکی رووت بێو مەبەستی هەڵچوونی رای گشتی بێ دژی دەسەڵات)..

ئێمە لەقۆناغی گواستنەوە دەبێ ئاگاداری زانیارییەکانی (بریمر) بین کە دەرچووە بەتایبەت بەڕاگەیاندنو لەوانە بڕیاری (٦٣-٦٤) و ئەوەی کە پەیوەندە بەهەڵبژاردن و ئەوەی لەپەرلەمانەوە دەردەچێ لەڕێساکان پێویستە رۆڵی دیارمان هەبێت لەدانانیان.

بەڵام سەرچاوە پەیوەندیدارەکان بەمافی مرۆڤ و ئازادی ڕادەربڕین زۆرن بەڵام ئەوەی کە شیاوی لێکۆڵینەوەیە ئەمەیە:-



جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤ، بەبابەتەکانیەوە کە (سی)ن لەسەرەتاوە لەگەڵ وردبونەوە لەمادەی (١٩)، کە تایبەتە بەئازادی رادەبڕینو گوزارشتکردنو دەقەکەی (هەموو کەسێك مافی ئازادی رادەبرینی هەیە، وە ئەم مافە ئازادی داواکردنی راکانی هەیە بەبێ خۆ تێهەڵقورتاندن، و وەرگرتنی هەواڵو بیرۆکەو بڵاوکردنەوەی بەهەر هۆیەك، بەبێ کۆت بوون بەسنوری جوگرافی.

پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بەمافەکانی شارستانیو رامیاری، کە لەبەرواری ١٦ی بەفرانباری ١٩٦٦ دەرچووەو ریککەوتنە تایبەتەکانیو یاساکان، کەلێیەوە وەرگیراون لەهەموو وڵاتانی جیهانی، نوێنەرایەتی پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتی دەکات، کە ( ١٥٠) وڵات ئیمزایان کردووە، عێراق لەنێوانیاندایە، کە گیان بەبەراکردنێکی کرداری جێبەجێ کردنی بەها رەوشتییەکانە کە لەجاری گەردونی مافی مرۆڤ داهاتووە.

گرنگی ئاگاداربوون لەڕووداوە جیهانییەکان بەکاروباری ململانێ لەپێناو بەجێهێنانی ئەم رێبازانە لەنێوانیاندا یاسا دەرچووەکان دەربارەی مافی گەیشتن بەزانیارییەکان، کێشە بەناوبانگەکانو دادگایەکانو تۆمارکراوەکان لەنێوان هۆیەکانی راگەیاندنو دەوڵەتەکان چونکە بەپێشینەی یاسای گرنگ دادەنرێت.

کەلەپوری هزری مرۆڤایەتی کە گەڵاڵەی رێبازە بنچینەییەکانی ئازادی مرۆڤ و ئابڕوی کردووە بۆ خۆی چەند لایەنو سەرچاوەی هەیەو تیایدا رێبازەکانی شۆڕشە گەورەکان لەمێژووداو ئەوەی



لێوە دەرچووە لەدەستوورەکانیو رۆشنبیرییەکانی مرۆڤ کە تا ئێستا لەم چەرخەدا کاردەکەن.

## سێیەم: ئاکارەکانی کاری راگەیاندن:

بناغەکانی توێژینەوەی زانستی پێویست دەکات، کەپلە بۆگێرانەوەی رەگە هزری و مێژوویەکان بۆ چەمکی ئاکارو سەرەتای بەپێناسەی زمانەوانی ئەمجا فەلسەفیو کۆمەڵایەتی بکات چونکە ئەم زانستانە زۆر کۆنترنی لەزانستی بەیەکگەیشتنو زانیاریو چەمکەکانی رێزمانێکی گرنگ پێك دەهێنن بۆ شیکردنەوەی دیاردەی راگەیاندنو لەچوارچێوەنانی بەواتا ئاکارییەکان، وە دەتوانرێ توێژینەوە لەپێشکەوتنی چەمکی رەوشت بەتێپەڕبوونی مێژووی کۆنو ئیسلامیو نوێو پیشاندانی هۆیەکانو کردارەکان بوونە هۆی لەچوارچێوەنانی تێوری راگەیاندنی پێشکەوتنخواز بەچەمکی رەوشتیەکان لەقوتابخانەی (بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی) گیانی بەبەراکردو ئەو بەڵێنامەی شەرەفە ئەژمارکراوانەی، کە لێیەوە دەرکەوتن دەتوانین گرنگترینیان پیشان بدەین و نمایشی هەوڵەکانی عەرەبیو عێراقیەکان کە تایبەتن بەهەوڵەکانی رێکەوتن لەسەر بەڵێنی شەرەفی ڕاگەیاندن.

پەیوەندی درێژ دەبێتەوە لەسەر سروشتی شیانی پیشەیی و بەرزبوونەوە بەتواناکانی دەربڕین بۆ گەیشتن بۆ بەرزترین ئاست بۆ بەکارخستنی رێبازی ئاشکراو خاوندارێتی هەموو هۆیەکانو



تواناکانی گەیشتن بۆ زانیارییەکان، کەخەڵك دەیەوێ بۆ بەستراوی راستەوخۆی بەژیانیەوەو کردەکانی دەوڵەتو پەرلەمانو دادگا هەروەها بەتایبەتی ئەوەی کە پەیوەندی بەگەندەڵیو خاوەندارێتی تواناو هەروەها لەسەرووی دەڕبرینو چاکی جێبەجێ کردنو گواستنەوەی بابەتی زانیارییەکانو بانگهێشت کردن بۆ پێگەیاندنی رەشنوسی یاسا دەربارەی مافی گەیشتن بەزانیارییەکانو پارێزگاری سەرچاوە هەواڵیەکانو ناچارکردنی لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ ئەوپەڕی دەرخستن لەدەربارەی زانیارییەکانو هەروەها کاربکەن لەچوارچیوەی ئەم لایەنە رێکخراوەکانو یەکێتیە سەندیکاییەکانی رۆژنامەنوسانو رێکخراوەکانی کۆمەڵگای پێشکەوتنخواز رۆڵی گرنگ بگێڕن لەبەکارخستنی ئازادی رادەربڕین لەرێگای هۆیەکانی راگەیاندن.

دکتۆر (عبدوڕەحمان بەدەوی) لەکتێبی (رەوشتی تیۆری) پشتگیری بۆ داهاتی زنجیرەییەکی درێژ لەپێناسەی زانیاری رەوشت کردووەو کە بە(لالاند) دەستی پێکردووەو کۆتایی بە (بفولکیە)و لەجیاتی ئەوەی کە قوڵ ببنەوە لەم پێناسە درێژو گرێیاویانە، لەگەڵ (بەدەوی) دەوەستین لەکورتەی گشتی پێناسەکانیو چەمکە بنەرەتیەکانی کەهەموو ئەوانەی پیاچونەوەی پێشکەوتنی هزر پێیگەیشتووە لەئەم چەمکانە بەتێپەڕبوونی مێژوو کە کورت دەبنەوە لەمانەدا:-

-توانای بوونی رێزمانی گشتی مرۆڤایەتی، بێ گوێدانە کاتو شوێن.